# وەڵامی دەرەنجامە سەرەتاییەکانی ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ
# دەربارەی ڕەوشی ئاوارە دەستگیرکراوەکان بە تۆمەتی تیرۆر

**<u>16ی سێپتێمبەری 2019</u>**

**<u>نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان</u>**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

## پێشەکی:

ڕۆژی 9ی ئەیلوی 2019 ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ باس لە چەند پێشێلکارییەک دەکات گوایە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی هەرێمەوە بەرامبەر بە چەند کەسێک کراوە لە کەمپەکانی راگوێزراوان بە تۆمەتی پەیوەندییان بە داعشەوە وەک ئەشکەنجەدان، هەڕەشە کردن، دەستگیرکردنی هەڕەمەکی بەبێ فەرمانی دادوەر و نەبوونی مافی ئەو کەسانەی دەستگیر دەکرێن و چەند تۆمەتێکی تر.

ئەوەی مایەی سەرنجە کە هەر لە سەرەتای شەڕی تیرۆریستانی داعشەوە هەمان ئەو  تۆمەتانەن کە دژی هێزی پێشمەرگە و لایەنە ئەمنییەکان لەلایەن ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ دووبارە دەکرێنەوە و پشت بە بەڵگەی راست و باوەڕ پێکراو نابەستێت و هەمان ئەو تۆمەتانەیە کە بەشێک لە ڕێکخراوەکانی تر دژ بە هەرێمی کوردستان بڵاویان کردۆتەوە و دوورن لە مسداقیەت، لە هەمان کاتدا قوربانییەکانی هەرێمی کوردستان لە جەنگی دژی داعش و حەواندنەوەی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەر و کاریگەرییە ئابووری و ئەمنی و کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر  هەرێم لەو رووەوە پشتگوێ دەخات و ئاماژەی پێناکات.

ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لە وەڵامی ئەو تۆمەتانەی بەشێوەیەکی گشتی ئاراستەی هەرێم دەکرێن، بە پشت بەستن بە سەرچاوەی فەرمی و باوەڕ پێکراو کە راستەوخۆ پەیوەندییان بە ڕووداوەکانەوە هەیە.

**دەستگیرکردنی هەرەمەکی پیاوان و مێردمنداڵانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەت هێزەکانی ئاسایش لە کەمپەکانی ئاوارەکان بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندیان بە رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە:**

**وەڵام:** لە دوای ساڵی ٢٠١٤ هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر چەند ناوچەیەکی کوردستان، سەدان هەزار کەس لەو ناوچانەی کەوتبوونە ژێردەسەڵاتی داعش روویان لە هەرێمی کوردستان کرد، لەو کاتەدا جیاکردنەوەی هاووڵاتیانی ئاسایی و ئەوانەی پەیوەندییان بە داعشەوە هەیە کارێکی ئاسان نەبوو و ئاستەنگی زۆری بۆ پێشمەرگە و لایەنە ئەمنییەکان درووست دەکرد، بۆیە چەند رێوشوێنێکی ئەمنی گیرایە بەر بۆ پاراستنی سەلامەتی هاووڵاتیان و خودی ئاوارەکان بۆ رێگە نەدان بە دزە کردنی تیرۆریستان و پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیانی هەرێم بە ئاوارەکانیشەوە.

لەگەڵ هاتنی راگوێزراوان بۆ ساترەکانی هێزی پێشمەرگە تەنیا پیاوەکان دەپشکێندران، بەڵام پشکنین بۆ ئافرەتان نەدەکرا بە رەچاوکردنی دابونەریتی کۆمەڵایەتی، ئەو پشکنینەش زۆر ئاسایی بوو بۆ دڵنیابوون لە نەبوونی کەسانی تیرۆریست و خۆکوژ لە نێویاندا. دواتر دەگوازرانەوە بۆ سەنتەرەکانی پێشوازی.

**دەستگیرکردن بۆ ماوەیەکی درێژ بێ ئەوەی کە تۆمەتبار ئاراستەی دادگا بکرێت:**

**وەڵام:** هۆکاری دواکەوتن و مانەوەی هەندێک لە دەستگیرکراوان لە سەنتەری پێشوازی ئەوە بووە کە لەکاتی هاتنیان لە رێگای ساترەوە، بە هۆی حاڵەتی شەڕ هیچ جۆرە لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەیەک لە ناوەکاندا نەدەکرا، سەنتەری پێشوازی فلتەری یەکەم بووە بۆ جیاکردنەوەی ناوەکانیان و پێویست بوو وردبینی بکرێت لە زانیارییەکان ئەمە لە کاتێکدایە کە ژمارەی کارمەندانی سەنتەری پێشوازی بۆ ناونووسین و داخل کردنی زانیارییەکان زۆر کەم بوو بەرامبەر بە ژمارەی ئەو راگوێزراوانەی کە بەردەوام روویان لە سەنتەرەکە دەکرد، یاخود بۆ ئامادە نەبوونی شوێنی نیشتەجێکردنیان لە کەمپەکە.

هۆکارێکی دیکەی دواکەوتنی لێکۆڵینەوە و هێشتنەوەی راگیراوان ئەوە بووە کە هەندێک لە راگوێزراوەکان ناوی خۆیان بە هەڵە دەدا بە سەنتەری پێشوازی، بۆ نموونە خەڵکی حەویجە بوون، بەڵام ناوی شوێنێکی تریان دەدا. ئەمەش پرۆسەکەی ئاڵۆزتر دەکرد بەتایبەتی بۆ دۆزینەوەی گومانلێکراو و داواکراوان، لەلایەکی دیکەوە هەندێک کەس کەگومانلێکراو بوون، بەڵام داواکراو نەبوون ،ئەمانەش نەدەکرا بە داواکراو لە قەڵەم بدرابان، بۆیە ماوەیەک لە سەنتەرەکە دەهێڵدرانەوە، چونکە تێکەڵ بە کەسانی ناو کەمپەکە نەدەکران.

دەزگا پەیوەندیدارەکان کەسیان دەستگیر نەکردووە بێ ئەوەی لە راستی و درووستی زانیارییەکان دەربارەیان دڵنیا بن، هەروەها کارمەندانی سەنتەرەکە بە جلوبەرگی مەدەنی و بەبێ چەک ناو وێنەکانیان داخل دەکرد و ئەم وردبوونەوەیەش لە زانیارییەکان بە ئاشکرا دەکرا.

بەشێوەیەکی گشتی هەر کەسێک لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیر کرابێت بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێر ماوەتەوە بۆ لێکۆڵینەوە دواتر بەپێی ئەنجامی لێکۆڵینەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە و نێردراون بۆ دادگای تایبەت بۆ یەکلاکردنەوەی کەیسەکانیان، بەڵام زۆر جار بە هۆی زۆری ژمارەی راگوێزراوان ئەوا رێکارە یاساییەکان ماوەیەکی زۆریان خایاندوو بۆ یەکلاکردنەوەی کەیسەکان. سەرەڕای ئەمانەش وەزارەتی ناوخۆ مانگانە بە لیست ناوی ئەو راگیراوانەی پەڕاوەکانیان یەکلایی کرابۆوە رەوانەی سەرۆکایەتی دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی پارێزگاکانی دەکرد بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان و ئەنجامدانی پرۆسەی دادگایی کردنیان بەپێی یاسا.

**<u>دەستگیرکردنی هەڕەمەکی لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی بە رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە بۆ ئەو کەسانەی کە تەمەنیان گونجاوە بۆ چەکداری بە شێوەیەکی هەرەمەکی لە خاڵەکانی پشکنین و کەمپی ئاوارەکان بە پشتبەستن بە راپۆرتی هەواڵدەرە نهێنییەکان:</u>**

**<u>وەڵام:</u>** ئەو کاتێک خەڵک دەستگیر دەکرا کە زانیاری تەواو و بەڵگەی بەهێز لە بەردەست هێزی پێشمەرگەدا هەبوایە بۆ دەستگیرکردنیان، پاش دەستگیرکردنیشیان تەنها بۆ چەند کاتژمێرێکی کەم دەهێڵدرانەوە، بۆ وەرگرتنی زانیاری سەرەتایی وەکو ئەگەری هێرشی تیرۆریستان یان پلانی داهاتوویان دواتر رادەستی هێزە ئەمنییە تایبەتییەکان (ئاسایش) دەکران.

لە بارەی بەڵگەکانیش، بەڵگەکان جیاواز بوون، هەندێک لەو بەڵگانە لەرێگەی مۆبایلی تاوانبارەکانەوە دەست دەکەوت یاخود لە رێگای بەکارهێنانی ماددەیەکی تایبەت کە لەلایەن هێزە ئەمریکییەکانەوە دابینکرا بوو، بە هۆی ئەو مادده کیمیاوییەوە کە لە دەستی خەڵکەکە دەدرێت ئاشکرا دەبێت کە ئەو کەسانە دەستیان بەر ماددەی تەقەمەنی وەکو (تی ئێن تی) کەوتووە یان نا.

لە کۆکردنەوەی بەشێک لە زانیارییەکان لەسەر گومانلێکراوان، پشت بە زانیارییەکانی هەواڵدەری نهێنی (مخبر سری) دەبەسترا، بەڵام دوای ئەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە زانیارییەکان دڵنیا دەبوونەوە، چونکە هیچ کەسێک بە پشت بەستن بە زانیاری نادرووست دەستگیر نەکراوە، بۆ ئەم مەبەستەش چەند مەرجێک بۆ کاری هەواڵدەری نهێنی دانرابوو لەوانەش پێویست بوو فۆرمی خۆراک و رەگەزنامە و ناسنامەی باری شارستانی ئەو شوێنە بێت کە لێی نیشتەجێیە، هەروەها پێویستی دەکرد بە قورئان سوێند بخوات لەسەر راستی و دروستی ئەو زانیاریانەی بە لایەنە ئەمنییەکانی دەدات.

**<u>لە میانی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا رێکخراوی ناوبراو چاوپێکەوتنی لەگەڵ ٧ پیاو و منداڵێک ئەنجام داوە کە گوتیان ئەوان دەستگیر کراون لەکاتی هەڵهاتنیان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش و گەیشتنیان بە خاڵی پشکنینی هێزەکانی هەرێم:</u>**

**وەڵام:** دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەگەڵ گومانلێکراوان ئەوانەی کە بێتاوان بوون ئازاد دەکران و ئەوانەی کە پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووبێت بەپێی مادده (٤)ی یاسای دژە تیرۆر لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرا بۆ ماوەی (24) کاتژمێر، دواتر ڕەوانەی ئاسایشی ناوچەکە دەکران. ئەگەر دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتبا کە پەیوەندییان بە تیرۆریستانەوە هەیە ڕەوانەی دادگای تایبەت

دەكران و هەموو مافێكیان هەبوو و كەسوكاریشیان ئاگادار دەكرانەوە بەپێی یاسا، بەڵام ئەگەر هیچ بەڵگەیەكی درووستیان لەسەر نەبوایە ئەوا ئازاد دەكران.

دواتر لایەنە ئەمنییەكان زانیاری تەواویان لەسەر گومانلێكراوان دەدا بە دادوەر، دادوەر رەزامەندی دەدا بە دەستگیركردنی گومانلێكراوان، فەرمانی دەستگیر كردنیان بۆ دەردەچوو بەم پێیەش رێگا بە لایەنە پەیوەندیدارەكان دەدرا بە دەستگیر كردن و پشكنین. دوای دەستگیركردنی گومانلێكراوان بۆ ماوەی (٧٢) لەژێر لێكۆڵینەوەدا دەبوون، كاتێك بە بەڵگەوە تۆمەتەكانیان بەسەردا ساغ دەبۆوە و دانیان دەنا بە تاوانەكەیان بەپێی یاسای دژە تیرۆر تۆمەتبار دەكران و دادوەر بانگی دەكرد، ئەوانەی دەستگیریش دەكرن مافی هەبوونی پارێزەر و سكاڵا تۆماركردنیشیان هەبوو لە دادگا دژی هێزە ئەمنییەكان. هەموو ئەو كەسانەی دەستگیر دەكران یاخود سزا دەدران لەسەر بنەمای یاسایی بووە.

*رێوشوێنەكانی تایبەت بە دەستگیركردن بەم شێوەی خوارەوەیە:*

- گەڕان و پشكنین لەو ناوچانە كە كردەوە تیرۆریستیەكە تێیدا ڕووی داوە.
- كۆكردنەوەی زانیاری و داتای ورد لەسەر تۆمەتبار و تیرۆرستەكان و دیاریكردنی شوێنەكانیان.
- وەرگرتنی رەزامەندی بەرپرسی پۆلیسی ناوچەكە.
- وەرگرتنی رەزامەندی دادوەری لێكۆڵینەوە بۆ دەستگیركردنیان.

## هێزەكانی ئاسایش بەتۆمەتی هەبوونی ناوی ئەو كەسانە لە لیستی داواكراوان دەستگیریان دەكەن و بێ ئەوەی هیچ هۆكارێكی دیكە بۆ دەستگیركردنیان بخەنە روو:

**وەڵام:** لە كاتی دەستگیركردنی ئەو كەسانەی گومانی پەیوەندی كردنیان بە داعشەوە لێدەكرا، هەموو مافێكیان هەبوو وەک سەردانی كردن و بوونی پارێزەر هەروەها كەسوكاریشیان لە دەستگیركردنیان ئاگادار دەكرانەوە.

## دەستگیركردنی ٢٢ لە پیاوان و مێرمنداڵان كە بەبێ خێزانیەكانیان هاتوون لەلایەن هێزەكانی ئاسایشەوە لە دوای چەند رۆژ و هەفتە لە هاتنیان بۆ كەمپی ئاوارەكانی ژێر دەسەڵاتی حكومەتی هەرێمی كوردستان هەرچەند بە قۆناغی پشكنیندا رەت بوون و پێیان راگەیاندراوە كە ئەوان بێ تاوانن:

**وەڵام: گشت** رێوشوێنە یاساییەكان بە بڕیاری دادگا ئەنجام دەدران و بەپێی یاسای بنەماكانی دادگایی كردنی سزایی (قانون اصول محاكمات الجزائیە) ژمارە (٢٣) ساڵی (١٩٧١)ی هەمواركراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەكرا. رێكارەكانیش بریتی بوون لە سەلماندنی كەسایەتی داواكراو و گومان لێكراو و دەستپێكردنی لێكۆڵینەوەكان.

ئەو كەسانەی كە گومانیان لەسەرە یان داواكراون، رەوانەی ئاسایش و دادگا دەكران بۆ ئەنجامدانی رێوشوێنی پێویست بەرامبەریان و لەم رووە سەدان كەس دەستگیر كراوە كە بە بەڵگەی تەواوە دەرچووە كە ئەندامی داعش بەشێک لەو گیراوانە

ماوەیەک لە ریزەکانی داعش بوون، تەنانەت قەناسی بەدەستی داعش بوون و بەشداری خولی مەشق و راهێنانی سەربازی و هزری داعشیشیان کردووە ئەمەش بەپێی ئەو زانیاریانە بووە کە بە ئیعتیراف و شاهیدی خودی راگوێزراوەکان بووە دوای ئەوەی دەزگا پەیوەندیدارەکان دڵنیا دەبن لە وتەکانیان، هەروەها پێش رزگار کردنی ئەم ناوچانە زانیاری هەواڵگری لەسەر ژمارەیەک لەو کەسانە هەبووە.

**<u>بەشێک لە دەستگیرکراوەکان کە تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵیەوەیە لەگەڵ کەسانی سەرووی ١٨ ساڵ و بەتەمەن دەستگیرکراون تا ئەوکاتەی کە ئاراستەکراون بۆ دادگاییکردن:</u>**

**<u>وەڵام:</u>** ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمتر بووە و روویان لە هەرێمی کوردستان کرد بوو و لە هەمان کاتدا و گومانیان لێدەکرا پێشتر پەیوەندییان بە داعشەوە هەبووبێت، ژمارەیەکی زۆریان دەستگیرکران دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا هەندێکیان سزا دراوان و سزاکەشیان بەپێی ئەو تاوانەیە کە ئەنجامیانداوە، لەوانە ژمارەیەکیان تەمەنیان لە خواروو (18) ساڵە و لە چاکسازییەکان دەستبەسەر دەکران نەک لەگەڵ کەسانی بە تەمەن. ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە (١٨) ساڵ کەمتر بوو ، ئەوا وەک قوربانی دەستی داعش مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە نەک تاوانبار و گرنگییەکی تایبەتییان پێدەدرا ئەم پرۆسەیەش بە هەماهەنگی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوە ناحکومییە بیانییەکان ئەنجام دراوە.

لە ساڵی 2018دا (٩٠) کەس لە نەوجەوان و ئافرەت و منداڵ هەبووە لەوانە (١٤) کوڕ کە راگیراوە و (٥٠)ی دیکەش لە کوڕەکان فەرمانی سزایان بۆ دەرچووە کە تەمەنیان لە (١٨) ساڵ کەمترە لەگەڵ (٢٦) ئافرەت و لە ماوەی رابردووشدا ژمارەیەکی زۆریان کە بە تۆمەتی تیرۆر دەستگیرکرابوون ئازاد کراون و رەوانەی ئەو شوێنانە کراون کە لێوەی هاتبوون.

ئەو مێرد مندالانە هەمان مافی راگیراوانی دیکەیان هەیە وەک بوونی پارێزەر، بەڵام ئەگەر نەیتوانی ئەوا لەسەر دادگا پێویستە پارێزەری بۆ دابین بکات، بەم دواییە رێکخراوی یونیسێف پارێزەرێکی راسپاردووە بۆ بەدواداچوونی کەیسەکانی راگیراوان لە چاکسازی هەولێر و لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکارییەکی زۆری ئەو پارێزەرە دەکەن و بەم دواییە (٦) لە گیراوان لە رێگای پارێزەرەکەوە ئازاد کراون، هەروەها دەتوانن تەلەفۆن بەکاربهێنن و پەیوەندیی بە کەسوکاریانەوە بکەن بە شێوەیەکی ئاسایی، تەنیا لەو کاتانەدا نەبێت کە لەژێر لێکۆڵینەوەدابن.

**<u>لە کاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە ئازادکراون دەڵێن کە توشی ئەشکەنجەدان و لێدان و هەڕەشە بوونەتەوە بە بۆری و سۆندە و تێهەڵدان کە بووەتە هۆی شکانی جەستە و لە هۆشخۆچوون، هەڕەشەکردن بە دەستدرێژی جنسی بۆ سەر خۆیان و ئەندامانی خێزانەکانیان تا دان دەنێن بە هەبوونی پەیوەندیان بە داعش:</u>**

**وەڵام:** سەبارەت بە ئەشکەنجەدان لە بنکەکانی ڕاگرتن و لە کاتی لێکۆڵینەوەدا، بەپێی یاسا ئەشکەنجەدانی تۆمەتبار و سزادراوان بەشێوەیەکی گشتی بۆ وەرگرتنی ئیعتراف و زانیاری بە تاوان دادەنرێت بە هیچ شێوەیەک ڕێگا نادرێت کە ئەفسەر و کارمەندانی پۆلیس ڕاگیراوان ئەشکەنجە بدەن بەپێی ماددەی (333) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩ی هەموارکراو و هەر تۆمەتبارێک لەکاتی لێکۆڵینەوە ئەشکەنجە درابێت لەرووی یاساییەوە مافی هەیە سکاڵا تۆمار بکات، بەڵام هۆکاری پێکنەهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە تۆمەتی ئەشکەنجەدان مێردمنداڵانی داعش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا ئێستا هیچ سکاڵایەک دژی دەزگا ئەمنییەکان لەلایەن گیراوانەوە نەبووە، و لە چاکسازییەکان هیچ ئاسەوارێکی ئەشکەنجەدان لەسەر جەستەی دەستگیرکراوان بەدی نەکراوە وەک لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ناوبراودا هاتووە.

## سەرەرای هەبوونی یاسای چاودێری مێرمنداڵان کە لە هەرێمیش کاری پێدەکرێت بەڵام مێرمنداڵان بە هەمان شێوەی پیاوان مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە لە ترساندن و هەڕەشەکردنی جنسی و هەروەها ڕێگری کردن لە چاوپێکەوتنی خێزانەکانیان:

**وەڵام:** ئەو مێرمنداڵانەی کە دایک و باوکیان دەستگیرکرا بوو یان گومان لێکراو بوون بە پەیوەندیکردنیان بە تیرۆریستانەوە، بەشێوەیەکی ئاسایی و لە روانگەیەکی مرۆییەوە لایەنە پەیوەندیدارەکان مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە وەک گشت منداڵی ڕاگوێزراوەکان بە رەچاوکردنی بارودۆخی تایبەتیان. بەشێوەیەکی گشتی دەزگا پەیوەندیدارەکان لە هەوڵی بەردەوامدا بوون بۆ چارەسەر کردنی کەیسی ئەو منداڵانە یەکلایی کردنەوەی کەیسەکانیان چ بە ئازادکردن یان زیندانیکردنیان، هەروەها هەر مێرد منداڵێك بەبێ دایك و باوك بێتە هەرێمی کوردستان لەلایەن بەڕێوەبەرانی کەمپەکان و ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانەوە. مامەڵەی منداڵی بێ سەرپەرشتیاریان لەگەڵ دەکرێت و شوێنی تایبەتیان بۆ تەرخان دەکرێت.

لە بارەی پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییە تەندرووستییەکان بە بەندکراوەکان، لە کاتی پێویستدا رەوانەی نەخۆشخانەکان کراون و ئەوانەی کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەبووە لەلایەن بەشەکانی گرتن و گواستنەوە ڕەچاوی باری تەندروستییان کراوە و بۆیان هەبووە خواردنی تایبەت بۆ خۆیان ئامادە بکەن. ئەم جۆرە بەندکراوانە بەردەوام لەلایەن پزیشکەکانی بنکە تەندروستییەکان لە بەشەکانی گرتن و گواستنەوە چاودێری باری تەندروستیان کراوە.

## ئەو پارێزەرەی کە بۆیان دابینکراوە تەنها بە زمانی کوردی قسە دەکات و نەبوونی وەرگێر بۆ تۆمەتبار و ئەنجامدانی دادگاییکردنەکە لە ماوەی تەنها بیست خولەک و دادگاییکردنی چەندین کەس لە یەک دانیشتنی دادگا:

لە سەنتەرەکانی پێشوازی ڕێکخراوەکان ڕێگایان پێدرا بوو هاریکاری پێشکەش بە راگوێزراوان بکەن بۆ نموونە ڕێکخراوەکانی (UNHCR و قەندیل و دەزگای خێرخوازی بارزانی) لە سەنتەری پێشوازی بوونیان هەبووە بۆ یارمەتیدانی راگوێزراوان لە کاتی پێویست و دابینکردنی پێداویستییەکانیان UNHCR زیاتر یارمەتی دەدان بۆ دابینکردنی شوێنی نیشتەجێکردن وەک

خیوەت و کەلوپەلەکانی تر، ڕێکخراوی قەندیل لە ڕووی یاساییەوە یارمەتیی داون وەک ڕاوێژی یاسایی و ئەوانەی کە دەستگیر دەکران و پێویستییان بە پارێزەر هەبوووبێت ئەوا بۆیان دابین دەکرا و ڕێکارە یاساییەکانی دادگا بەبێ جیاوازی و بەپێی ڕێوشوێنی کار پێکراو لە دادگاکان بەڕێوە چووە و دەستگیرکراوان گشت مافێکیان هەیە  لە هەمان کاتدا ئاشنای دەکردن بە مافەکانی خۆیان.

دەزگای خێرخوازی بارزانی ژەمی خواردن و پێداویستییەکانی ناوماڵی بۆ دابینکردوون، جگە لەمانە چەند ڕێکخراوێکی دیکە شوێنی تایبەتییان ئامادە کردووە بۆ هێشتنەوەی منداڵان لە سەنتەرەکە، تەنیا لەو حاڵەتانە نەبێت کە باوک داوا بکات منداڵەکەی لەگەڵ خۆی بێت. پارێزەر هەوڵ دەدات بە هەر شێوەیەک لێک تێگەیشتن لەگەڵ گومانلێکراوان هەبووبێت تاکو بریکارنامەی بۆ درووست بکات، هەروەها بڕیار و (لائحة الدفاع) بە زمانی عەرەبی درووست دەکرا، و لە کاتی پێویست و لە قۆناغەکاتی د اهاتووی لێکۆڵینەوەدا وەرگێڕی زمانەکانی عەرەبی، تورکی و ئینگلیزیش دابین دەکرا بۆ گومانلێکراو.

لە لایەکی دیکەوە پرۆگرامێکی تایبەت دانراوە بە ڕەزامەندی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی ئەم دەستگیر کراوانە سوودمەند بن لە پرۆسەی خوێندن بە زمانی عەرەبی و بڕیار وایە بەم زووانە ئەم پرۆسەیەی دەستپێبکات بۆ ئەوەی گیراوان لە پرۆسەی خوێندن بێبەش نەبن.